# ڕاپەرینەکانی بەهاری عەرەبی، هەڵچوون یان ڕووداوێکی مێژوویی؟

## هاشم ساڵح:

## بۆچی شۆڕشی فەرەنسی دژی پیاوانی ئاینی بوو؟ بۆچی شۆڕشەکانی عەرەبی لەژێر ڕکێفی پیاوانی ئاینی دابوو؟

لەعەرەبییەوە: ئەحمەد فاتح

IDEA DEPLOMATIC



رەنگە ئەم ناونیشانە جۆرێک لەوروژاندنی تێدابێت و گونجاو نەبێت، ئەمەش دوای ئەو هەراوهۆریایەی بەهاری عەرەبی لە ناوەندە ناوخۆیی و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیەکاندا دروستیکرد. ئەوە زۆر لەمنەوە دورە کە سوکایەتی بەڕووداوێکی لەم شێوەیە بکەم، لێ بێگومان پاڵنەری بابەتیانە و کاریگەری ئەرێنی خۆی هەیە. دواتر بەدرێژایی کتێبەکە زیاتر لەجارێک بەدیار دەکەوێت، بەڵام وەک دەڵێن هەموو شتێک بۆکۆتایی گێڕاوەتەوە، بەڵام ئەوەی تائێستا بەهاری عەرەبی لەهەندێک ولاتانی عەرەبی بەدەستیهێناوە، باڵادەستی رەوتی ئیخوانی – سەلەفیە بەسەر دەسەڵات دا. ئایا ئەمە ڕووداوێکی مێژووییە؟ ڕووداوی مێژووی خەڵک لەرەوشێکی پێشوەوە دەباتە رەوشی داهاتوو، لەرەوشێکی خراپەوە بۆ رەوشێکی باشتر؟ ئەوە دادەنرێت کەدەبوایە ببووایە . ئایا بەهاری عەرەبی لەم تایپەیە؟ ئاشکرایە ڕووداوە گەورەکان لەمێژووی نەتەوە، یاخود مێژووی مرۆڤایەتیدا زۆر ناوازەیە، هەموو رۆژێک روونادات، ئەمە کەمترین شتێکە کەبوترێت، سەرەنجام،

نابێت بەخوێندنەوەی ئەو هەواڵانە هەڵبخەڵەتێن، کەسیخناخە بە ڕووداوی جۆراوجۆر، تەنانەت کارەسات وقەسابخانە و جەنگەکان . زۆرینەیان تەنها بلقێکە و دەتەقێتەوە . لێ ڕووداوێک کەخاوەن هێماومانادار بێت، واتە ئەو ڕووداوە مێژووییەی پربە پێستی وشەکەیە، ڕوودانی شتێکی ناوازەیە، هەروەها ئەمە سەبارەت بەدەرکەوتنی کەسایەتیە مەزنەکانیش بەم جۆرەیە. هەندێکجار سەدەیەک، یاخود دووسەدە تێدەپەڕێت بەبێ ئەوەی ڕووداوێکی مێژووی ڕووبدات، یاخود کەسایەتیەکی گەورە لەمێژوودا دەربکەوێت . کاتێک ئەمیرال فیلیپ دیگۆل، سەردانی پەکینی کردبوو، یەکێک لەسەرکردە چینیەکان پێی گوتبوو : کەسێکی وەک باوکی تۆ لەمێژوودا دەرناکەوێت، بەلایەنی کەمەوە تەنها هەموو سەدەیەک، یاخود دووسەدە جارێک نەبێت. بەم پێودانگەبێت دەتوانین بڵێین ناپلیۆن پێنج سەدە جارێک دەردەکەوێت. ئەی لەبارەی پێغەمبەرەکان و سەرکردە مەزنەکان؟ئەی فەیلەسوفە گەورەکان ئەوانەی بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن : سوکرات، ئەرستۆ، دیکارت، سپینۆزا، ژان ژاک رۆسۆ، کانت، هیگڵ، نیتشە، هایدگەر .. ئەی ئەو عەلای مەعەڕی وکتێبەکەی (رسالە الغفران) نەلە ئەدەبی عەرەبی و نەجیهانیدا وێنەی نییە ، تەنها ئەگەر (کۆمیدیای ئیلاهی) دانتی نەبێت؟ یاخود میر عەبدولقادر ئەلجەزائیری (کەبەلێبوردەییەکی زۆر مەسیحییەکانی دیمەشقی لەو قەسەبخانەیە پاراست)ئایا ئەمە لەمێژووی عەرەبی یاخود ئیسلامیدا زۆر دووبارە دەبێتەوە؟ ئەی چی لەبارەی مامۆستا و پێشەوا گەورەکەیەوە بڵێین ئیبن عەرەبی ؟ (ادین بدین الحب انی توجهت رکائبە فالحب دینی وایمانی!.. تاد.

بۆنمونە لەڕووداوە گەورەکان لەمێژووی عەرەب و مرۆڤایەتیدا، دەرکەوتنی ئیسلامە پێش چواردە سەدەونیو زیاتر، پێکهێنانی شارستانیەتێکی گەورە وئیمپراتۆریەتێکی گەورە وفراوان .. بەڵام هەرەسهێنانی ئەم شارستانیەتە پێش هەشت سەدە، لەدوای تەکفیرکردنی موعتەزیلە وفەیلەسوف

> **چونەناوەوەی عەرەب بۆقۆناغی فەندەمینتاڵیستی سەلەفی – ئیخوانی لەڕێگای بەهاری عەرەبیەوە، مانای سەرکەوتنی فەندەمینتالیست نییە، بەڵکو سەرەتای پوکانەوەیەتی**

وگەورە تەسەوفکارەکانی وەک حەلاج و ئیبن عەرەبی، ئەمە وێڕای مەعەری و تەوحیدی ، چوونە ناو سەدەکانی سەلجوقی – عوسمانی داروخاوەوە، روداوێکی ترسناک لەمێژووی عەرەب و مرۆڤایەتیدا پێکدێنێت . سەرکەوتنی غەزالی و ئیبن تەیمیە بەسەر فارابی و ئیبن سینا وئیبن روشدو مەعەری دا، ئەمەش ڕووداوێکی گەورەیە پاشکۆو تەواوکەری؟ ڕووداوەکەی ترە. لێ ڕووداوێکی جارسکەرە، تائێستا لەخۆی ولەکاریگەرە نەرێنییەکانی وەخەبەر نەهاتوینەتەوە. هەروەهاسەرکەوتنی حەسەن بەنا بەسەر تەها حسێن وعەقاد و رۆشنگەرییەکانی تری میسری ،ئەمەش ڕووداوێکی مێژووی گەورە و نەرێنییە. ڕووداوێکی هەژێنەری گەورە دەبێت ئەگەر پەرچەکردارێکی توند لەدژی دروست ببێت: واتە ئەگەر راڤەکردنێکی رۆشنگەرییانەی ئیسلام رۆژێک لەرۆژان سەریهەڵدا، یان ئەگەر ریفۆرمی ئیسلام سەربکەوێت هاوشێوەی ئەوەی ریفۆرمی مەسیحیەت لەئەوروپا سەرکەوتنی بەدەستهێنا. ئەگەر ئیسلامی رۆشنگەری رۆژێک لە رۆژان بەسەر ئیخوانی سەلەفی و وەهابیدا سەربکەوێت، ئەمە دەبێتە ڕووداوێکی گەورە لەمێژووی عەرەب و ئیسلام دا. لەوساتانەدا بەهاری عەرەبی مانایەکی راستەقینە و ناوەرۆکێکی پێشکەوتوخوازی بەنرخی دەبێت، لەوساتانەدا ناوی بەهار دێتەدی. هەروەها لەڕووداوە گەورەکان، دروستبوونی بزوتنەوەی ریفۆرمخوازی ئاینی لەئەوروپا لەسەردەستی مارتن لۆسەر. ئەوساتانە بووە جێگای سەرسوڕمانی هاوچەرخەکانی خۆی، هەستیان کرد راچەنینێک روویداوە، لەبنەڕەتدا باوەڕیان نەدەکرد سەرکەوتنی بەدەستهێناوە. دەکرێت سەدەی رێنیسانسی ئەوروپی بۆزیادبکەین، کەهاوکاتی خۆی بووە. رێنسانسێک بوو نەدەکرا رووبدات، ئەگەر زانیاریە زانستی وفەلسەفیەکان نەبوایە کەعەرەب پێشکەشی کردبوو، وەک چۆن زانای ئەنسرۆپۆلۆژیای ئینگلیزی ژاک گۆدی دانی پێدادەنێت. دوای ئەوە دەتوانین شۆڕشی فەرەنسی وەک زەمین لەرزەیەکی ترسناک و ڕووداوێکی مێژووی گەورە باس بکەین، نەک لەسەر ئاستی فەرەنساو ئەوروپا، بەڵکو لەسەر ئاستی جیهانیش. نابێت شۆڕشی 1848 بەهاری گەلانی ئەوروپا لەیادبکەین، کە فاگنەر ولامارتین وبۆدلێر و شاعیر و نوسەرەکانی تر ستایشیان کرد. دەکرێت بلێین روخانی دیواری بەرلین ساڵی 1989، هەرەسهێنانی جیهانی کۆمۆنیزم، دوو ڕووداوی گەورەبوو، هەستمانکرد مێژوو بۆیەکەمجار هەناسەدەدات، ئەمەش لەدوای ئەوەی ئایدۆلۆژیای ستالینی بۆماوەیەکی دورودرێژ وبەشێوەیەکی تۆقێنەر کەحەفتا ساڵی خایاند خنکاندبوی. هەروەها تەقاندنەوە لەناکاوەکەی (11)ی سێبتەمبەر، دەکرێت بەڕووداوێکی مێژووی دابنرێت کەهێمای گەورەی خۆی هەیە، بۆچی؟ چونکە راشکاوانە پەردەی لەسەر ئەو نەخۆشیە درێژخایەنە لادا، کەچەندین سەدەیە هەناوی جیهانی ئیسلامی داڕزاندوە بێ ئەوەی ئاگاداری ببن، هەروەها بەشێوەیەکی راستەوخۆ، یاخود ناڕاستەوخۆ پەردەی لەسەر نەخۆشی

خـــودی شارستانیـەتـی سـەرمـایـەداری تەنانەت لاوازبوونیشی هەڵماڵی، ئەمە وێـڕای ئـەو رووکـــارە مـەزنــەی هەیەتی. لێ بێگومان چەندین ڕووداوی مێژووی گەورەی تر هەیە ناتوانین هەمووی لێرەدا باس بکەین. بۆنمونە سەرکەوتنی زانستی نوێ لەنیوەی یەکەمی سەدەی حەڤدەدا، بەهۆی دۆزینەوەکانی گالیلۆ وکیبلەر و دیکـارت، دوای ئەوانیش نیوتن بەسەر شارستانیەتی کۆنی ئەرستۆتالیسی – بەتلیمۆسی دا ، بەڕووداوێکی زۆر ترسناک دادەنرێت، چونکە هەموو شارستانیەتی تەکنەلۆژی ونوێی هێنایە ئاراوە. سەبارەت بەسەرکەوتنی رۆشنگەری ئەوروپی بەسەر فەندەمێنتالیستی مەسیحیەتدا لەهەردوو سـەدەی هـەژدە و نــۆزدەدا. ئەمە باسێکە پەیوەندی بـەرابـردووەوە هەیە، دابڕانی ئەبستمۆلۆژی – واتـە مەعریفەی قوڵ – لەمێژووی مرۆڤایەتیدا پێکهێنا. ناکرێت جەنگی جیهانی دووەم لەیاد بکەین وەک ڕووداوێکی ترسناک وتۆقێنەر کەجیهانێکی تری دروستکرد. لەکۆتاییدا دەتوانین بڵێین رێنسانسی ئابوری وتەکنەلۆژیای هیند وچین گەورەترین ڕووداوی مێژووی لەم سەردەمەی ئێستاماندا پێکدێنێت. گومانی تێدانییە کەرەنگدانەوە وکاریگەری خۆی دەبێت . یەکەم کاریگەریش لەناوچوونی هەژمونی رەهـای رۆژئـاوای ئـەوروپـی – ئەمریکییە کەماوەی چوار سەدەیە بەسەر جیهاندا درێژەی هەیە، بەڵام ئەم ڕووداوە گەردونیە مەزنانە ناوازەن لەمێژودا. بەگشتی هاوچەرخەکان ئەوانەی لەگەڵیدا ژیاون واهەست دەکەن شتێک ڕوویداوە، مێژووی بۆ دوو بەش دابەشکردوە: پێش روداوەکە و دوای ڕووداوەکە. ئایا ئەمە بەسەر بەهاری عەرەبیدا جێ بەجێدەبێت؟ بەراشکاوانەوە نیگەرانم بە ئەرێنی وەڵام بدەمەوە. ئەمەش مانای ئەوەنییە لەگرنگی ڕاپەڕینەکانی عەرەبی کەم بکەمەوە کەئێستا، لەدژی رژێمە گەندەڵ وستەمکار و تاک حیزبی و زمانە وەهمی وملکەچ و نەویستراوەکان رادەپـــەڕن. گـومـانـی تێدانییە لـەگـەڵ سەرهەڵدانی بزوتنەوەکانی نارەزایەتی

ئاشکرایە شۆڕشی فەرەنسی زۆر بەتوندی دژی پیاوانی ئاینی بوو، لە خۆنیشاندانەکانی پاریس وێنەکانیان بەرزنەکردبوونەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە وێنەیان لەدژیان بڵاوکردبوویەوە

عەرەبی شتێک ڕوویدا ، ئاشکرایە هەستمان بەشنەبایەکی نوێکرد کەهەڵیکردوەتە سەرمان. کۆمەڵگەش لەجێگای خۆی نەماوە ودەجوڵێت و هەناسەیەک هەڵدەمژێت باجی ئەمەش خوێنێکی سوری تۆخە، بەڵام بەهاری عەرەبی لەئاستی ئەو ڕووداوە کاریگەرانەدا نییە کەپێشتر باسم لێوەکرد. هۆکارەکەشی ئـــەوەی، ئێمە هەستمان بەدابرانێکی گەورە نەکرد لەگەڵ رابردودا، وەک چۆن لەگەڵ ڕووداوە مێژووییەکانی باسمان کرد ڕوویـدابـوو، بەڵکو تـەواو پێچەوانەکەیمان بینی: واتە گەڕانەوە بۆ رابردو! ئەمەش شتێکی نامۆیە لەڕاستیدا، چونکە شۆڕشەکان بریتییە لەدابرانێک لەگەڵ رابـردودا وگـەڕانـەوەی نییە. ئیتر چۆن ئەم دیاردەیە راڤە بکەین؟ پێش ئەوەی وەڵامـی ئـەم پرسیارە بـدەمـەوە، دەڵێم ڕاپەڕینەکانی عەرەبی سەرەتا لەتونس و میسر بە پێچەوانەی ئەوەی وێنامان دەکرد وادەرنەچوو، لەشۆڕشەکانی ئەوروپای نوێ ناچێت وەک شۆڕشی ئینگلیزی و ئەمریکی، بەتایبەتیش شۆڕشی فەرەنسی ، بەڵکو زیاتر لەشۆڕشی ئێرانی دەچێت کە سێ ساڵ پێش ئێستا رویدا. لەبەرەی شیعەئەو جـەمـاوەرە ملیۆنیەو هـاتـنـەدەرەوە لە زانکۆکان وکۆبوونەوە لەدەوری کەسایەتی خومەینی، لەبەرەی سوننەش لـەدەوری قـــەرەزاوی، هـەمـوو ئـەمـانـە هێمایەک دەنـوێـنـێـت، کـە ئەولێکچونەی نێوان ڕاپەرینەکانی بەهاری عەرەبی و شۆڕشی ئێرانی هەڵەنییە، هەربۆیە رێبەری ئێرانی عەلی خامنەئی پێشوازی لێکرد وەک تەواوی فەندەمینتالیستەکان پیرۆزبایی لێکرد. وێرای ئەمەش پارتە ئاینیەکانی هەردوو بـەرە، لەهەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتنی گـەورەیـان تـۆمـارکـرد، پـــەردە لەسەر کەمبوونەوەی قورسایی پارتە لیبراڵییە نوێییەکان لادرا. لەراستیدا ئەم ڕووداوەی هەڵبژاردنەکان گورزێکی توندبوو بۆزۆرێک ، هیواکانیان پوکایەوە وتەنانەت بووە هۆی ئەوەی بترسن. بەڵام دەبوایە ئەمە جێگای سەرسورمان نەبوایە بۆ هیچ کەس، چونکە بێ لەهەندێک شاری گەشتیاری نوێی کەنار دەریاکان، هەندێک دەستەبژێری رۆشنبیری پایتەختە عەرەبیەکان، ئـەوا زۆرینەی توێژەکانی گـەل ئاینپەروەر وکلاسیک وهەژاربوون، تەنانەت بەڕێژەیەکی زۆریش نەخوێندەواربوون، بۆیە ئەمە یەدەگێکی زەبەلاحی هەڵبژاردنی ئیخوان موسلمین و سەلەفیەکان پێکدێنێت. ناتوانین لەژێر چڕنوکیان دەریبهێنین، ئەگەر لەقوڵایی ئەم جەماوەرە زۆرەدا، رۆشنگەری عەرەبی ئیسلامی سەرنەکەوێت، زانست ومەعریفە بڵاونەبێتەوە، تێگەیشتنی نوێ بۆ ئاین نەکرێت.

ئاشکرایە شۆڕشی فـەرەنـسـی زۆر بەتوندی دژی پیاوانی ئاینی بـوو، لە خۆنیشاندانەکانی پاریس وێنەکانیان بەرزنەکردبوونەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە وێنەیان لەدژیان بڵاوکردبوویەوە: واتە فەیلەسوفەکانی رۆشنگەری ، بەتایبەتی ژان ژاک رۆسۆ وڤۆڵتێر. لێرەدا جیاوازی گەورە لەنێوان شۆڕشی فەرەنسی و شۆڕشەکانی ئێمە بەدیار دەکەوێت. لێ جیاوازییەکی زۆر لەنێوان رۆسۆ وڤۆڵتێر لەلایەک، خومەینی

و قـەرەزاویـش لەلایەکی تـرەوە هەیە! هیچ جێگای بـەراوردکـاری نییە. ئەمانە دووجەمسەری دژبەیەکترین دووجیهان بینی جیاوازیان هەیە. تەنانەت پیاوانی ئاینی مەسیحی لەبەرچاو بزربوون، لەترسی توندڕەوی شۆڕشگێڕەکان ئەوانەی زیندانی باستیلی تۆقێنەریان رووخـانـد، خۆیان شاردەوە. گومانی تێدانییە باستێل سیمبولی دەسەڵاتی دیسپۆتیزمی رەها بوو، کەپیاوانی ئاینی هاوپەیمانێتییان لەگەڵدا بەست بوو، بەڵام لەهەردوو بەرەی عەرەبی وئێرانی دا، پیاوانی ئاینی رێزلێنراو مەزن بوون، بەملیۆنان کەس لە(مەیدانی ئەلتەحریر) شوێنەکانی تر نوێژیان لەدواوەیان دەکرد. لێرەدا جیاوازی لەناوەڕۆک دا دەردەکەوێت، شۆڕشێک کە سەردەمە نوێیەکانی دروست کـرد، راپـەڕینـەکـانـی بـەهـاری عەرەبی کەبەبەهاری ئیخوانی فەندەمینتاڵیستی کۆتـایی پێهات. ئەمە جیاوازییەکە دەهێنێت کەمێک هەڵوەستەی لەسەربکەین، بۆیە ئەمە دەڵێم، چونکە بەتایبەتی هەندێک لەرۆشنبیرانی عـەرەب شۆڕشی میسریان بەشۆڕشی فەرەنسی بەراوردکرد، تەنانەت بەمەزنتریشیان هەژمارکرد!تەنانەت منیش تارادەیەک کەوتمە تەڵەکەوە، پاشان زیاتر لەجارێک پۆزشم هێنایەوە. بۆچی شۆڕشی فەرەنسی دژی پیاوانی ئاینی بوو، بۆچی شۆڕشەکانی عەرەبی لەژێر رکێفی پیاوانی ئاینی دابوو، تەنانەت رێبەرایەتیکردنیشیان لەرێگای هەڵبژاردنێکی ئازادەوە رادەستی ئەوان کرد؟ لەمەش مەترسیدارتر، بۆچی هیچ یەکێک لەرۆشنبیران لەسەر ئەم پرسـیـارە سـەرەکـیـە ئێستێک نـاکـات. بەگوێرەی فەلسەفەی مێژوویی هیگڵ، هەندێکجار لـەکـردەوەکـانـی مـرۆڤدا شتێکی تر دێتە دەرەوە کەچاوەڕوانیان نـەدەکـرد. ئاشکرایە لاوانـی (مـەیـدان ئەلتەحریر) ئـارەزوی ئەوەیان ددکـرد، شـۆڕش سیستمێکی تـری حوکمڕانی بێنێتە دی ئازادبووبێت لەکۆت وبەند پڕوکێنەرەکانی رابـردو، بەتایبەتی کۆت و بەندەئاینییە باوەکان.ئەمە بێگومان وێڕای ئازادبوون لەنێرەی دیسپۆتیزمی سیاسی و فەرمانڕەوایەتی میراتگری و گەندەڵی بنەماڵەی دەسـەڵاتـدار ودەست وپێوەندەکانیان..تـاد. سـەرەتـا هەموو خۆپیشاندانە ملیۆنیەکانیان بۆدەستپێکردنی سـەردەمـی ئـازادی بـوو، یـاخـود بۆ وەدەستهێنانی زیاتری ئازادی و سەربەخۆیی و دەستەبەرکردنی هەلی کـار وژیانێکی ئـاسودە. وەک مـەزنـدە بکە، لەپێناوی سیستمێکی لیبراڵی نوێدا تێدەکۆشان، نەک سیستمێکی فەندەمینتالیزمی کۆن. بـەڵام شـۆڕشـی 25یـەنـایـەری میسر، لەکۆتاییدا شتێکی پێچەوانەی ئاڕاستەکانی سەرەتای لێکەوتەوە، شتێک بەبیری هیچ کەسێکدا نەهاتبوو: ئەویش دەسەڵاتی ئیخوان وسەلەفییەکان بوو! کێ مەزندەی ئەمەی دەکـرد؟ بێگومان لاوی خوێن گەرم وخەڵەتێنراو وساویلکە مەزندەی ئەمەی نەکردوە، بـەڵام دەبێت دان بەوەدابنێین چـاودێرە ئـاگـادارەکـان ئـەوانـەی راستی بابەتەکانیان دەزانـی، ئـەم ئەگەرەیان بەدور دانەنابوو، بەڵکو تارادەیەکیش لێی دڵنیابون. هەمان شت لەگەڵ بەنی صەدر ورۆشنبیرە لیبراڵی وچەپە ئێرانییەکاندا روویـدابـوو، ئـەوانـەی پـاڵـپـشـتـی بـەهـێـزی خوـەینیان دەکـرد، کاتێک گەیشتە دەسـەڵات و جێگیربوون، هەموویانی لەگۆڕەپانەکە دەرپـەڕانـد وفەندەمینتاڵیزمەکان شوێنیان گرتنەوە. لـێ ئـەم تاپە لەرۆشنبیری ساویلکە هەمیشە بە(گێلی سودبەخش)ناودەنرێت. بزوتنەوە فەندەمینتاڵیزمە میللیگەراییەکان ئەمانە وەک ماسکێکی رازاوە بەکاردەهێنن، بـۆئـەوەی لـەلایـەن رۆژئـاواو چینە رۆشنفکرەکانی گەلەوە قبوڵ بکرێن، پێش ئـەوەی کەهیچ سودێکیان نەما لەناویان ببەن. ئایا ئەم رۆڵـە وەک دڵسۆزییەک دەبینێت، یاخود لەتوڕەییەوەیە؟ بەڵام لەهەموو حـاڵـەتەکاندا گێلێکی سودبەخشە.

ئایا ئەمە بەمانای ئەوەدێت بەهاری عـەرەبـی هیچ شتێکی نـوێی تێدانییە؟ هەڵەیەکی زەقـە ئەگەر وامەزندەبکەین. لـێ ئـەو زەلـکـاوە بـۆگـەنـەی جـوڵانـد، کەموکورتییەکانی ئەم رژێمانەی ئێستا کەلەگەلەکانیان دابراون وەدیارخست، ئەم رژێمانەی لەڕووی هزرییەوە رەق هەڵاتون، لەرووی ئایدۆلۆژیاوە مۆمیاکراون تەنها دروشمبازییە. ئەمانە رژێمی تاک حیزبی وتاک رۆژنامەگەری وزمانی وەهمی پوچن، چەند دەیەیەکە هەمان فـۆرم لەبارەی یەکێتی، ئازادی، سۆسیالیزم وبەرەنگاری و ریگری و خۆراگری و ڕووبەڕووبوونەوە باسی لێوددکرێت، هەموو ئەم قسە پوچەڵانە هیچ راستگۆییەکی تێدانییە هیچ کەسێک باوەڕی پێناکات. لێ ئەمە رژێمی پۆلیسی تیرۆریستە کەهەموو کۆمەڵگەی لەرێگای دەزگـای هەواڵگرییەوە تەلبەندکردوە، وامەزندەدەکات بەم شێوەیە دەتوانێت تاکۆتایی رۆژگار دەوڵەت پاوان بکات. هیچ پەراوێزێک ناهێڵێتەوە بۆ ئازادی کۆمەڵگە، ئیتر تەقینەوە روودەدات، وەک ئـەوەی بەم دواییانە لەهەندێک لەوڵاتانی عەرەبیدا روویـدا. هەروەها ئـەو (کـۆن)ەی بەهـاری عـەرەبـی ئێمەی بۆ گـەڕانـدەوە، بەشێوەیەک لەشێوەکان نوێیە! هەرچەندە لـەسـەردەمـی ناسری وبەعسی ومارکسیزمی سۆسیالیستی زۆرێک سریمانەوە ودژایەتیمان کرد، وادەردەکەوێت ئێستا نوێ بێت، تەنانەت سەرنج راکێش



ودرەوشاوە بێت. وەک پەندەکەش دەڵێت هەموو یاساغێک ئارەزووکردەیە. لێ وامەزندەمان دەکرد، لەبەرئەوەی باوەڕمان بەمارکسیزم وبەعسیزم وناسری وتەنانەت لیبرالیزم هێناوە رابردومان تێپەڕاندوە، ئەمە بەهۆی نەزانی وساویلکەییەوە، یاخود بەهۆی کلتوری دروشمبازی و دیماگۆگی پێشکەوتوخوازی رووکەشەوە بووبێت. لێ ئەم راپەڕینانەی بەهاری عەرەبی دەمانگێڕێتەوە بۆ رێگای راست، بەمانایەک پێماندەڵێت: بەرێزان رابردو تائێستا گوزەری نەکردووە. بەپێچەوانەوە، لەهەموو کاتێک زیاتر ئامادەگی هەیە. تەنانەت ئەم ترادسیۆنە رابردوەی سەلەفی – ئیخوانی، رەنگە بۆماوەیەک ئایندەی ئێوە پێکبهێنێت، کەخوانەبێت کەس نازانێت چەندە. لێرەدا (مکوری) بەهاری عەرەبی وەدیاردەکەوێت، هەروەها لەقاندنی تەختی دیسپۆتیزم و دەسەڵاتی بنەماڵە وزۆرداریان. هەروەها بەهاری عەرەبی پێمان دەڵێت: مەزندەتان دەکرد ئەم قۆناغی ترادسیۆنە( یاخود ئیخوانی – سەلەفیە) لەرێگای بازدان بەسەریدا تێبپەرێنن، نەک لەرێگای ڕووبەڕووبوونەوەی رووبەڕوو، باجی ئەم رووبەڕووبوونەوەیەش بدەن، وەک چۆن لەگەڵ گەلانی پێشکەوتخوازی فەرەنسا وئەڵمانیاو هەموو ئەوروپای رۆژئاوا بەلایەنی کەمەوە رویدا. لێ ئەمە گۆشە نیگایەکی هەرزەکارانەیە تەنانەت پراگماتیکیانەیە، دەبێت بەتەواوەتی دەستبەرداری ببن. ناکرێت هیچ شتێک تێپەڕێت بەبێ ئەوەی لەگەڵیدا نەجەنگیت وباجی رووبەڕووبوونەوەکە بەنەختی نەدەیت. ئەمەش یەکێک لەیاساکانی فەلسەفەی مێژوویی هیگڵ پێکدێنێت. وەک خۆم ئەوەی پەیوەندی بەمنەوە هەیە، هیچ کاتێک لەهەموو ژیانمدا باوەڕم بەوە نەبووە سەردەمی ترادسیۆنیمان تێپەڕاندوە، هەرلەبەرئەوەی ئەم پارتانە وئایدۆلۆژیە سیاسیەکانیان نوێخواز وپێشکەوتوخواز دەردەکەوت، هەرچەندە لەهەندێک لایەنەوە پێشکەوتخوازبوون، بەڵام نوێگەرییەکی زیاد لەپێویست کاڵ وکرچ و رووکەشانەیە، سەرەنجام رەنگە لەیەکەم رووبەڕووبوونەوەیاندا، لەگەڵ هێزە ترادسیۆنە رابردوخوازە جێگیرەکان بروخێن و لەناوبچن. لێ هەر ئەمەش لە هەموو وڵاتانی عەربیدا روویدا کەدیاردەی بەهاری عەرەبی بەخۆیەوە بینی. هەرهەموویان لەلایەن رێکخستنەکانی ئیخوان موسلمین راماڵران.ئەمە وێرای ئەوەی ئەم پارت وئایدۆلۆژیا پێشکەوتوخوازانە زۆرێک لەگرنگی ئەم رەوتە ئاینزایانەیان کەم کردەوە کەتاچەند رۆچونەتە قوڵایی میللەت. چەند ساڵێکە بەچاوی خۆم، قورسایی رابردو وکەڵەکەبوونی رابردو دەبینم،چەند کاریگەری لەسەر ئەقڵەکان هەیە. لەبەر ئەم هۆیەش دەستم کرد بەوەرگێرانی کارەکانی (محەمەد ئارگۆن)کەئەم کەڵەکەبووانەی کەلەپوری ئیسلامی کەلەناوەوە بەمیرات بۆی جێماوە لێک شیتاڵکرد.ئەمە لەلایەک،هەروەها لەلایەکی تریشەوە دەستم کرد بەوەرگێڕانی هزری رۆشنگەری ئەوروپی کەکەلەپوری مەسیحی کلاسیکی لێک شیتالکردوە.لەهەردووبەرەکەوە بەهەموو هێزوتوانایەکەوە کارم کردوە، بۆئەوەی رووبەڕووی ئەم رەوتە میللیگەراییانە ببمەوە، کەخەریکە هەموو شتێک لەسەر رێگای خۆی رادەماڵێت. پاشان چاوەڕێی تەقینەوەی بزوتنەوەکانی بەهاری عەرەبی نەبووم، بۆئەوەی درک بەچۆنیەتی وبارستایی ئەرکە سەرەکییەکە بکەم، کەبۆسەردەمی ئێمە پێشنیازکراوە.

لێ گومانی تێدانییە مێژوو بەرەوپێشەوە دەچێت، بەڵام هەندێکجار ناچاردەبێت بگەڕێتەوە بۆدواوە،بۆئەوەی بازێک بۆپێشەوە بدات.بۆچی؟ یەکەم بۆئەوەی هەناسەیەک بدات،پاشان دووەمجار بۆئەوەی حساباتە مێژووییەکەی لەگەڵ خۆیدا یەکلاییبکاتەوە.سێهەمیش بۆئەوەی باری گرانییەکەی سوک بێت.لێ دەگەرێتەوە بۆدواوە بۆئەوەی ئەوداخرانی ترادسیۆنە مەزنە لێک شیتاڵبکات، کەبەدرێژایی چەندین سەدەی داڕماوی دۆگما کەڵەکەبووە.ئەم کەڵەکەبووانە ئاستەنگە بۆدەست پێکردن، یاخود جڵەوی یاخیبوونی دەکات. ئەمەش ئێستا لەتەواوی جیهانی عەرەبی وئیسلامی دا روودەدات.لێ بۆیە گەڕانەوە بۆدواوە گرنگە بۆ وەدەستهێنانی ئەمکارە. لەم روەوە تێدەگەین بۆچی غەننوشی محەمەد بەدیع و قەرەزاوی فەندەمینتالیستەکانی تر، بەبەهێزییەوە گەڕاونەتەوە گۆڕەپانەکە. پێش دروستکردنی بینای نوێ دەبێت پاکبکرێتەوە وچۆڵ بکرێت، ئەم چۆڵکردنەش روونادات، پێش ئەوەی جەنگی رووبەڕووبونەوە وقسەکردن لەگەڵ خودی ترادسیۆن دا نەبێت، کەئەوانە وچەند کەسێکی تر نوێنەرایەتی دەکەن. بەم مانایە بێت،بەهاری عەرەبی زۆر سودبەخشە، چونکە ناچارمان دەکات لەگەڵ خۆمان بجەنگین وحساباتە مێژوویەکانمان یەکلایی بکەینەوە. رەنگە ئەم قسەیە ناکۆکی تێدابێت، بەڵام تەنها لەرووکاردا، بەڵێ مێژوو بۆئەوەی بتوانێت بازبۆپێشەوە بدات، پێویستی بەوەیە لەگەڵ خودی خۆیدا حساباتەکانی یەکلایی بکاتەوە، لێ پێویستی بەوەیە لەخڵتەکانی رابردوو ئازادبێت، لەکەڵەکەبوونەکانی رابردو تایەفەگەری و مەزهەبی ئازادبێت،کەبارگرانی زیاتر دەخاتەسەرشانی ورێگردەبێت لەدەستپێکردن وەدەستهێنانی سەرسورهێنەر.چۆن لێی ئازادبین؟لەرێگای بازدان، یاخود چاوداخستن وەک ئەوەی نەبێت، وەک چۆن وشترمل وپارتە پێشکەوتوخوازەکان سەردادەنەوێنن؟نەخێر.بەدرێژایی چەندین دەیەودەیە وەهمی ئەوەمان دەکرد،کاتێک باوەڕمان بە مارکسیزم یاخود لیبرالیزم ، یان نسری وبەعسیزم،...تاد هێنابوو. تەنانەت لەوەهمی ئەوەدابوین چونکە ئەم ئیتکەیتە پێشکەوتخوازو نوێیەمان لەسەرسینگمان دابوو، بەتەواوەتی ئازادبوین لەخڵتەکانی رابردو وتوندڕەوی تایەفی ومەزهەبی، بوینەتە خەڵکانێکی نوێ. لێ ئەو خڵتەیە دەگەرێتەوە، وەک گەردەلول بەرووماندا دەتەقێتەوە هەموو شتێک لەسەر رێگای خۆی رادەمالێت. ئایدۆلۆژیای فەندەمینتالیزمیش، ئیخوانی بێت یان سەلەفی، شەقام رادەماڵێت ئەوەی لەبنەرەتیشدا پەراوێزخرابوو

پەراوێزدەبێتەوە: واتە هەموو ئەو پارتە پێشکەوتوخواز ونوێخوازە کاڵ وکرچ و رووکەشانەی هەیە. لەکۆتادا دەگەڕێینەوە چوارگۆشەی سەرەتا، سەرلەنوێ بۆخاڵی سفر. کێ ئێمەی گەڕاندەوە؟ سەرکەوتنی ئیخوان وسەلەفییەکان لەهەڵبژاردنەکانی تونس ومیسر وشوێنەکانی تر، سوپاسیان دەکەین!لێ بەشێوەیەکی نەرێنیش بێت، هاوکارییان کردوین کەئێمە لەکوێداین، لەچ خاڵێکی ڕێچکەی مێژوودا لەنگەرمان گرتووە.مەزندەمان دەکرد مۆدێرنەمان قبوڵ کردبێت وبەتەواوەتی(کۆن)مان تێپەراندبێت وەک گەلانی ئەوروپا، بەڵام ئەوەمان بۆروون بووەوە، تائێستا خۆمان دەکێشین بە تاریکاییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستی تیۆلۆژیا فۆرم وفەتوا تۆقێنەرەکانیان.

زۆرترین شتێکی رۆشنبیرانی عەرەب بێزارم دەکات ئەم پرسیارانەیە: برا ئەم هەموو کێشانەمان لەکوێوە بۆهات؟ئیسلام وەک مەسیحیەت نییەو هیچ کێشەیەکی نییە. لەئیسلام دا تایەفەگەری توندڕەوی ودادگاکانی پشکنین و کەهەنوت نییە... یاخود: برا میللەتی ئێمە تایەفی نییە. کێ ئەم هەموو توندڕەوییە تایەفی ومەزهەبیەی لەکۆمەلگەکانی ئێمەدا چاندوە؟ داگیرکەرنەبوو؟ تاد. هەموو ئەم قسانە لەڕووی هزرییەوە هەرزەکارانەیە، تەنانەت لەڕووی سیاسیەوە نابەرپرسانەشە.

بەڵام لێرەدا خوێنەر بەبیرۆکەیەکی تری پێشبینی نەکراو سەرسام دەکەم: دەڵێم چوونەناوەوەی عەرەب بۆقۆناغی فەندەمینتالیستی سەلەفی – ئیخوانی لەرێگای بەهاری عەرەبیەوە، مانای سەرکەوتنی فەندەمینتالیست نییە،بەڵکو سەرەتای پوکانەوەیەتی!ئەمەش ئەوەیە هیگڵ بەزاراوە بەناوبانگەکەی بانگەشەی بۆدەکات دەڵێت: تەڵەکەبازی ئەقڵ یاخود تەڵەکەبازی مێژوو. وشەی تەڵەکەبازی(مکر) لێرەدا بەمانای ئەرێنی بەکارهاتوە نەک نەرێنی، وەک ئەوەی لەئایەتی پیرۆزدا هاتووە( ومکروا ومکر الله والله خير الماكرين). بەمانای ئەقڵ هەندێکجار ئامانجەکانی خۆی لەمێژوودا لەرێگای

**مێژوو بۆئەوەی بتوانێت بازبۆپێشەوە بدات، پێویستی بەوەیە لەگەڵ خودی خۆیدا حساباتەکانی یەکلایی بکاتەوە،لێ پێویستی بەوەیە لەخڵتەکانی رابردوو ئازادبێت**

بەکارهێنانی هەندێک ئامرازەوە بەدەست دەهێنێت، کەبەبیری کەسدا نایەت:واتە بەکارهێنانی هێزە نەرێنییەکان ئەوانەی دژی بزوتنەوەی پێشکەوتنن، لەپێناوی خودی پێشکەوتندا!لێ پێویستی بەوەیە ئامانجە باڵا ودور مەوداکان بهێنێتە دی، ئەمەش لەشتەنامۆکانی ناکۆکییەکانە. بەڵام فەلسەفەی مێژوو ئەوەمان فێردەکات بەکارهێنانی نەرێنی بۆگەیشتن بەئەرێنی شتێکی زۆر زەروریـیـە.وێـرای ئەمەش ئایدیایەکی تری بۆزیاد دەکەین:مێژووی چەپێنراو وتێکچرژاو دەبێت بەهەموو زرێنچکاوە تایەفیەکەیەوە بتەقێتەوە تاتێر تەقینەوە دەبێت، پاشان مێژوو دەتوانێت هەناسەبدات، ئەمەش یەکەم هەنگاوی رێگای دەربازبوونە. ناکرێت نەخۆش چارەسەر وەربگرێت لەوئێش و میکرۆبانەی توشی گەدەی بووە، تاکو هەموو ئەوکەڵەکەبووە بۆگەنەی لەهەناویدایە فڕێ نەداتە دەرەوە. سەرەتا دەبێت بیهێنێتەوە، پاشان هەست بەئارامی دەکات چارەسەرکردنی کارێکی ئاسان دەبێت، بەڵام نەک پێش ئەمانە.

ئەی ئێستا چی روودەدات؟ مێژووی عەرەبی ئیسلامی هەموو ئەو خڵتە مێژووییانەی چەندین سەدەیە لەسەر یەک کەڵەکەبووە دەهێنێتەوە، لەبەر ئەم هۆیە دەلێم رەوشی ئێستا، خالێکی پێشکەوتوخوازپێکدێنێت لەرێچکەی گشتی بزوتنەوەی مێژوو. گومانی تێدانییە باجی ئەمەش قورس دەبێت.لێ مێژوو هەمیشە حساباتی خۆی لەگەڵ خۆیدا، لەسەر شێوەی جەنگی میللی وقەسابخانەی تایەفی وئێش وئازاری مرۆیی یەکلایی دەکاتەوە، کە وەسف ناکرێت.ئێستا گەیشتوینەتە ئەم ئەنجام، بەڵام فەلسەفەی مێژوو پێمان دەڵێت ئەم پرۆسەیە بەزۆرە، ئەگەرنا مێژووی عەرەبی ناتوانێت بەهێواشیەکی بەهێزەوە دەست پێبکات، دوای ئەوەی لەهەمووبارە قورساکانی دەربازبوو ئەوانەی ماندوی دەکردن وئاستەنگی بۆ جوڵە و دەستپێکردنی دروست دەکرد.

ئەمە ئەوەیە عەرەبە پێشکەوتوخواز و ڕووکەشەکان لێی تێنەگەیشتون، لێ شتێکی لەناکاوبوو کاتێک تایەفەگەری کۆن وەک هەموو جارێکبەڕوویاندا تەقیەوە، ڕێگری لەپلانەکانیان کرد بۆگەشەپێدان وراچەنین، بێگومان من لێرەدا لەتێروانینی کانتگەرایی وهیگڵ گەرایی ورۆشنگەری تەواوی فەلسەفەی مێژووەوە دەست پێدەکەم. ئەمەش تێڕوانینێکە ئەوە رەت دەکاتەوە رێچکەی مێژوو رێکەوت وپوچ بێت. لێ تێروانینێکە گەشبینە بەئایندەی مرۆڤایەتی مەزندەدەکات پێشکەوتن بەدیبهێنرێت بارودۆخی مرۆڤایەتی باشتربکرێت. لێ تێڕوانینێکە مێژوو وادەبینێت مانای خۆی هەیە بۆپێشەوە دەڕوات، ئەمە وێڕای هەموو ئەو پاشەکشێ وروکارە درۆزنانەیە کەرەنگە هێما بێت بۆپێچەوانەکە. هیگڵ مانای ئەوەمان پێدەڵێت: وێڕای هەموو قەسابخانە ومالوێرانی وجەنگە میللی وململانێیە رق ئەستورەی نێوان تایەفە ومەزهەبەکان، بەڵام مێژوو بۆپێشەوە دەچێت. مێژوو هیوا وئامانجی کۆتایی خۆی هەیە: ئەویش وەدەستهێنانی ئازادی وخۆشگوزەرانییە بۆمرۆڤایەتی لەسەر ئەم گۆی زەوییە. لێرەدا

تێڕوانینی فەلسەفی رۆشنگەری نوێ جیاوازە لەگەڵ تێڕوانینی ئاینی تیۆلۆژی کۆن، چ لەمەسیحیەت یان لەئیسلام دا. لێ تێڕوانینی ئاینی کەلەهەموو سەدەکانی ناوەڕاست دا لەجیهانی ئەوروپی ومەسیحی دا باو بوو، تائێستاش لەجیهانی عەرەبی وئیسلامی دا بڵاوە، وامەزندە دەکات پێشکەوتن مانای گەڕانەوەیە بۆ دواوە، نەک بازدان بۆ پێشەوە، واتە گەڕانەوە بۆ ساتەوەختی پێغەمبەرایەتی وپیاوچاکان، واتە ساتەوەختی نمونەیی، ساتەوەختێکی پیرۆز کەبالاترە لەهەموو ساتەوەختەکانی تر. سەرەنجام پێشکەوتن هیچ مانایەکی نییە لەم گۆشە نیگایەوە: واتە بەهایەکی نەرێنیە نەک ئەرێنی. بۆچی؟ چونکە لەبری ئەوەی لەساتەوەختی پیاوچاکان نزیکمان بکاتەوە، یاخود بمانگەڕێنێتەوە، دورمان دەخاتەوە. لەدیدی میللەت بەگشتی، تاوەکو بەرەوپێشەوە بچین ئەوا لەوساتەوەختە ئەفسانەییە بەرز وبالایەدور دەکەوینەوە. لەچوارچێوەی ئەم مانایەدا، فەلسەفەی ئایدیالیستی مەزنی ئەڵمانی ئەوەی کانت وفیختە وهیگڵ وئەوانی تر دایمانمەزراند، بەعەلمانیکردنی مەسیحیەت بوو یان بابڵێین ریفۆرمی لۆسەری بوو. لێ لەبەرزایی ئاسمانەوە بۆ واقیعی سەر زەوی دابەزیوە، ئەو تێڕوانینەی پێچەوانەکردەوە: ئیتر لەبری ئەوەی دواکەوتوبێت، بەمانای وشەکە بووە پێشکەوتوخواز، لەبری ئەوەی رابردو رایکێشیتەوە بۆلای خۆی، ئارەزووی بۆ ئاینده زیاتر بوو. لەبری ئەوەی رێچکەی مێژوویی شتێکی نەرێنی بێت، بووە شتێکی ئەرێنی وبەڵێنی داهاتوو دەدات، لەبری ئەوەی ژیانی دونیا شتێکی راگوزەربێت بەپێوەری رۆژی کۆتایی هیچ بەهایەکی نەبێت، بووە شتێکی بنەڕەتی ورێپێدراو، لەبری چاوەڕوانکردنی بەهەشت لەئاسمان، بووە شتێک لێرەو لەوێ وەدیدێت. سەیری کۆمەڵگە ئەوروپییە نوێیەکان بکە: بەهەشتی خودایە لەسەر زەوی. ئەمەش لەگەل بەهەشتی ئاسمان ناکۆک نییە، بەهەشتی ئاسمانی تەواوکەری بەهەشتی سەرزەوییە. بەدرێژایی مێژوو شاری باش خەونی هەموو فەیلەسوفێکە، هەر لەئەفلاتونەوە تافارابی تاکو ئیمڕۆش. بەلێ فەلسەفەی رۆشنگەری هەنگاوێکی گەورەبوو بۆپێشەوە، چونکە مرۆڤی ئەوروپی لەوکۆت وبەندە تیۆلۆژی وکەهەنوتی، هەموو ئەوبەندکردنە ئەقلییانەی لەگەلیدابوو ئازادکرد.

ئایا ئەمە مانای وایە، بانگەشە بۆ سڕینەوەی تەواوەتی ئاین دەکەم لەسەر گۆڕەپانەکە بەوپێیەی دوژمنی یەکەمە؟ نەخێر هەرگیز. لێ بەدرێژایی ئەم کتێبە هەموو کتێبەکانی ترو وەرگێڕانەکانیش، هەوڵمداوە جیاوازی لەنێوان ئاین دا بکەم وەک بەهایەکی مۆراڵی ورۆحانی وبێگەردی بەرزوبالا، لەنێوان ئەو شرۆڤە کێشەدارەی لەساتەوەختێکدا هەیە، ئاین شتێکە و راڤەکردنی مرۆڤ شتێکی ترە. دووشتی پێچەوانەولێکجیاوازن بەپێچەوانەی ئەوەی خەڵک بەگشتی لێی تێدەگات، تەنانەت هەندێک لەرۆشنبیرە رووکەشکارەکان ئەوانەی بانگەشەی مۆدێرنە دەکەن، بەلام مۆدێرنە لەم جۆرە رۆشنبیرانە دورە. لێ تەماشابکە هەر کەبەهاری عەرەبی تەقیەوە، چۆن پەیوەندییان بەبزوتنەوەکانی ئیخوانەوە کرد و لەگەڵ ئەوشەپۆلەدا وێکهاتنەوە، چونکە هەستیان کرد ئەم بزوتنەوانە بەرهەمەکەی دەخوات ودەسەلات دەگرێتە دەست، ئیدی دەبێت جیاوازی لەنێوان ئاین وشرۆڤەکان دا بکەین. سەرنج دەدەین شرۆڤەکردنەکانی مرۆڤ لەسەردەمی پاشەکشێکردندا هەمیشە تاریک ولایەنی تایەفەگیری پێوەدیارە، بەلام لەسەردەمی رێنسانس وکرانەوەدا رۆشنفکر وئەقلانی دەبێت. کێشەی من لەگەڵ شرۆڤەکردنی یەکەمە نەک دووەم، کلتوری عەرەبی ئیسلامی کلتوری سەرەکی منە، وەک ماسی مەلەی تێدا دەکەم، بەلام مافی هەڵبژاردن وجیاکردنەوەم هەیە. مافی ئەوەم هەیە فارابی وئیبن سینا وئیبن عەرەبی ومەعەری وتەوحیدیم زیاتر لە، غەزالی وئیبن تەیمیە وگەورە فەقیهەکانی ترخۆشتر بوێت. مافی ئەوەم هەیە موعتەزیلەم بەلاوەپەسندتر بێت وەک لەحەنابیلە. مافی ئەوەم هەیە رەوتی هیومانیزم وئەقلانیم بەلاوە پەسندتربێت تاکورەوتی سەلەفی ئیخوانی کەگومانی لەئەقل وفەلسەفەهەیە وتەکفیریان دەکات. مافی رەخنەگرتن وبەدواداچون وشەن وکەوکردنم هەیە. دەبێت ئەو توێژاڵە مۆمیاکراوە مردوە فڕێ بدرێت تەنها ناوەڕۆکی ئاین بمێنێتەوە: واتە بەها رۆحانی ومۆراڵییە بالاکانی کلتوری عەرەبی ئیسلامی گەورە، بەلام دەبێت بەهای مۆدێرنەی رۆشنگەری ئەوروپی وباشترین دەسکەوتەکانی بخرێتە سەر ئەو بەهایانەی هێندە گرانبەهان ناپێورێن، پاشان دژایەتیکردنی هەموو جۆرەکانی ئاپارتاید وجیاکاری تایەفی. لێ ئەمە بیروباوەری منە لەسەرەتاوە بەم چەند وشە کورتە باسی لێوەدەکەم.

لەکۆتاییدا دەڵێم: هەرکاتێک کتێبێکی نوێ بەزمانی عەرەبی دەربچێت، هاوتای کتێبی دیکارت(التاملات المیتافیزیقیة)، یاخود کتێبی مالبرانش(البحث عن الحقیقة)، یان کتێبی سپینۆزا (مقالة في اللاهوت السیاسي)، یان هەردوو کتێبەکەی ڤۆلتێر(رسالە فی التسامح والقاموس الفلسفی)، یان هەردوو کتێبی رۆسۆ(امیل والعقد الاجتماعی)، یان کتێبی کانت(الدین ضمن حدود العقل فقط)... تاد بێت، ئەوا دەڵێم بەهاری عەرەبی لەبەردەرگایە. مەبەستم بەهاری هزری راستەقینەیە کەبەزەرورەت پێش بەهاری سیاسی دەکەوێت وزەمینەسازی بۆدەکات. بێگومان ئەمە تۆمارێکی زیاد لەپێویست کەم وکورتە. بۆیەدەبێت دەیان کتێبی تری بۆ زیاد بکەین، کەیەقینە دور لەهەڵەکانی جیهانی مەسیحی کۆنی سەدەکانی ناوەڕاستی لێکهەڵوەشاند، بواری بۆ بنیاتنانی سەدەی مۆدێرنە و ئازادی کردەوە.

**سەرچاوە:**

کتێبی الانتفاضات العربیة علی ضوء فلسفة التاریخ، هاشم صالح، دار الساقي 2013 بیروت